هەرێمی کوردستان-عێراق
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
کۆلێژی ئەدەبیات
بەشی شوێنەوار

# بیناسازی کۆن

## [Ancient Architecture]

م. بابەت : کاروان صدیق بکر

بیناسازی کۆن.

وانەی یەکەم

2023-2024

مافی پاریزراوە بۆ
د.کاروان صدیق بکر بلباس

## - مەبەست لەو بابەتی بیناسازی کۆن چییە؟( ماهي الهدف من المادة؟ ):

1- ئاشناکردنی قوتابییە بە زانستی ( بیناسازی کۆن ) کە یەکێك لە کۆڵەگە گرنگەکانی هونەری کۆن، وتایبەتە بە پاشماوە شوێنەواریەکانی عێراقی کۆن وکوردستان بەتایبەت.

2-تێگەیشتنی قوتابی لەتایبەتمەندی هەر سەردەمێك بەجیا ولەڕووی جیاکاری دەرکەوتەی شارستانی وبیناسازی وە تواناداا پێدانییان لەورووەوە بەرێژەی زیاتر لە80%، بەشێوەیەك قوتابی بتوانێت شێوازەکانی بیناسازی وەك:( ئایینی، وسەربازی، ونیشتەجێی... ) بەشێوازێکی زانستی تەواو فەراهەم بکات.

3- راهێنانی قوتابی لەسەر چۆنیەتی شیکردنەوە وپۆلێن کردنی هەربینایەك، چ لەڕووی پێکهاتەی بیناکە ( هێلکاری، وکەرەستەکانی )، ویەکە بیناسازییەکانی، بەشێوەیەکی ئەکادیمی پوخت وتەواو.

مافی پارێزراوە

## - سودی خوێندنی وانەکانی بیناسازی چییە؟

بیناسازی دەستکەوتێکی کۆمەڵایەتیە، یەکێکە لەدەرکەوتە هەرە گرنگەکانی شارستانیەت و لەو جۆرە پاشماوە ماددیانەن کەلە ناوچە شوێنەواریەکانەوە دەدۆزرێنەوە. ئەمەش وادەکات سروشتی ئەم کۆمەڵگایانە بناسین کەلەو شوێنەدا ژیاون، دوای ئەنجامی لێکۆڵینەوە زانستی وشارستانییەکان، بەزانینی شێوازەکانی بیناسازی وئاستی گەشەسەندنەکەی و جۆرو ئەرکی بیناکەو کەرەستەی بەکارهێنراو، کەبۆ ئێمەی شوێنەوارناس ئەو ئاوێنەیەکە کەتیایدا ناسنامەی گەلان وداب ونەریتەکانی کۆمەڵگا وسیستەمی سیاسی وئابووری وئاینی وکولتووری وفیکرییان ڕەنگ دەداتەوە. جگە لەئاشنابوون بەلێهاتووی تەلارساز، لەلایەکی تر شارەزاییەکانی لەگونجاندنی بیناکان لەگەڵ ژینگەی سروشتی وجوگرافی وهۆشەکی ناوچەکە لەلایەکی دیکەوە.

## پ/ هونەری بیناسازی پێناسە بکە؟

لقێکی هونەرە، لەهونەری جێ بەجێ کردن (التطبيقي)، کە پەیوەستە بەچالاکی وداهێنان وتەجروبەی مرۆڤایەتی، واتە ڕێکەوت نەبووە وبەقۆناغ گەشەی کردووە، کەلەسەرەتاوە ئامازەیەك بوو بۆ خاوەنداریێتی، دروستکردن ومانەوەی تیادا متمانەی بەمرۆڤ بەخشی، تەنها بۆپاراستن و پاریزگاری بوو دواتر بووبە دەستکەوتێکی شارستانیانەو بەداهێنانی بەردەوامی تیادا ئەم دەستکەوتە پێشکەوت وگەشەی سەند لەگەڵ پێداویستی مرۆڤایەتی، کەدواتر بەتەواوی ڕەنگی دایەوە لەنەوەکان ونەتەوەکانی مرۆڤایەتی.

مافی داریزراوە بۆ
صدیق بکر بلباس

وانەکانی:بیناسازی کۆن
د.کاروان صدیق بکر
مافی پارێزراوە

# پ/ پرۆسەی هۆشەکی زانستی بیناسازی کەی سەری هەڵدا؟:

لەئەنجامی تەجروبەو تێرامانی مرۆڤ بۆ دەوروبەر، کەسروشت کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو، چونکە لەسروشتەوە فێری بوو (واتە پرۆسەکە خۆرسك نییە)، بۆنموونە:
لەسەرنجدانی مرۆڤ بۆ دەرچەو کونی سەر ڕووی دیواری ناوەوەی ئەشکەوتەوە لەهاتنە ژوورەوەی تیشکی خۆر و ڕووناکی وهەوای پاك و تێرامانی ئاسمان لەشەودا لەئەنجامی هەزارەها ساڵ وشارەزابوونی مرۆڤ بۆ ئەرك وگرنگی ئەم دەرچەیە، فێری دروستکردنی پەنجەرە بوو.

هەروەها پەنای بردە بەر کولانکە وکەلەبەری ئەشکەوتەکان ولەشێوەی ژووری نارێك وبچوك، هەندێك لەو کولانکانەی چاکدەکردو دیوارەکانی دەرازاندەوە بەوێنەی ئاژەڵ وسروشت. تادواتر فێری دروستکردنی (چاڵی بازنەیی) بوو لەنزیك سەرچاوە ئاوییەکانی دامێنی ئەشکەوتەکان و قوروو لیتەی لێوار ڕووبارەکانی بەکارهێنا بۆ سواغدانی قەدی دارە بەکاهاتووەکانی کوخەکان هەموو کەرەستەی کەلەسروشتدا هەبیوو، (د.کاروان)پێی وایە مرۆڤەکان لەهەزارەی نۆیەمەوە توانییان دیواری بەخشت وخانووی گەورە دروست بکەن بەڵام هێشتا مرۆڤ تەواو کارامە نەببوو لەدروستکردنی سەقف .

## پ/ دەرکەوتەکانی شارستانی و پاشماوە بیناسازییە دۆزراوەکان لە کوردستان، وەك بەشێك لەوولاَتی نێوان دوو زێی کۆن چین؟:

1. پەرستگاکان Temples(شوێنی پەرستنی خواوەندەکان بوون، ژمارەیان بەبەراورد بەزەقورەکان زیاترن)
2. زەقوورەکان Ziqqurat(شوێنی حەوانەوەو پشودانی خواوەندەکان بوون، ژمارەیان بەبەراورد بەپەرستگاکان کەمترن)
3. کۆشك وتەلاری پادشاکان Palaces(شوێنی فەرمانڕەوا ومال ومنداڵییان بوو وفەرمانداری وحوکمڕانی خەڵکییان دەکرد)
4. خانووەکان Houses or Buildings(خانووی خەڵکی ئاسایی بوو)
5. حەشارگە وقەلاَسەربازییەکان Fortress and Castles(شوێنی پارێزگاری وئامادەکاری سوپابوو)
6. شورای شارە کۆنەکان Ancient City Balustrades(بۆپارێزگاری وقایمکاری شارەکان بوو لەهێرشی ناکاو)
7. عەمبارەکان، سایلۆکان Storages(شوێنی هەڵگرتنی دانەوێڵە وخۆراك بوو )


# قائمة المراجع والكتب الرئيسة التي أعتمد علينا:
# ليستى سەرچاوە و پەرتوكە سەرەكيانەى پشتمان پێ بەستووە:


- Abu Es- Soof , B., Tell Es-Sawwan, Sumer,Vol.24, No.1-2, 1968.
- Helback, H., Samarra Irrigation Agriculture at Choga mami in Iraq, Iraq , Vol.34, No.1 , 1972.
- Speiser, E.A., Excavations at Tepe Gawra, Vol.I, (Philadelphia-1935).
- Watkins, T., and et-al, Qermez dere tel afar, Interim report, No.3, (Department of Archaeology, University of Edinburgh, 1995).
- أبراهيم، نعمان جمعة، حضارة العصر الحجري الحديث في كوردستان العراق، رسالة ماجستير، غير منشورة، جامعة صلاح الدين، كلية الآداب،قسم الأثار، أربيل، 2003م.
- باقر، طه، المعابد في العراق القديم، سومر، مجلد3، ج1، 1947م.
- الخطابي، علي سالم، خصائص المعبد العمارية من عصر فجر السلالات إلى نهاية العصر البابلي القديم، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية الأداب، جامعة الموصل، الأثار القديمة، 2011م.
- الدامرجي، مؤيد سعيد، المدن الدينية والمعابد، في: موسوعة المدينة والحياة المدنية، جزء 1، بغداد، 1988م.
- دوبلهوفر، أرنست، رموز ومحجزات، ترجمة: عماد حاتم، طبعة 2، (سورية- 2010م).
- الشيخ، عادل عبدالله، عمارة العراق في العصرين الحجري الحديث والحجري المعدني حتى نهاية طور العبيد، أطروحة دكتوراه، غير منشورة، كليةالأداب، جامعة بغداد، قسم الآثار، 1995م.
- بلباس، كاروان صديق بكر، المعابد الطولية من عصر العبيد حتى نهاية العصر البابلي القديم(4000-1590ق.م)، رسالة الماجستير، غير منشورة، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين، قسم الآثار، أربيل، 2020م.
- **- مصادر الانترنيت:**
- موقع متحف متروبوليتان: http://www.metmuseum.org
- موقع (المواقع القديمة): http://www.ancientlocations.net
- موقع أرشيف الأثري: http://www.archive.archaeology.org


مافي پارێزراوه بۆ د.كاروان صديق بكر بلباس

# الاسئلة النموذجية:
# پرسیاری نموونەیی کۆشش:

- پ1- پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە؟
- س1- (عرف مما يلي)؟:
- 1- (طوف)؟
- 2- (Tholoi)؟
- 3- (هونەری بیناسازی)؟
- پ2 – باسی بیناسازی ئایینی بکە لەسەردەمی حەلەف بەنموونەوە؟
- س2- تكلم عن العمارة الدينية في عصر الحلف مع ذكر الأمثلة؟
- پ3– تایبەتمەندیەکانی بیناسازی هەزارەی شەشەم پێش زایین چین بیانژمێرە؟:
- س3- (ماهي أهم الخصائص المعمارية للألف السادس قبل الميلاد، عددها ؟:
- پ3– لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریيانەی کەلە بیناسازی خوێندووتە، ئەم پێکهاتە بیناسازیەی خوارەوە شی بکەرەوە لەڕووی: 1- بۆچ مەبەستێکە(غرض) 2- سەردەمەکەی(عصر) 3- یەکەکانی بیناسازی ناوەوە؟




مافی پارێزراوە بۆ د.کاروان صدیق بکر


# پرسیاری نموونەیی کۆتایی ساڵ:

- پ1/ پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە؟ ( 15 نمرە ).
- 1. خشتی ڕیمشن 2. شوێنگە کاتییەکان 3. Casemate
-
- پ2/ جیاوازی چییە لەنێوان قوچەکی گلێنەی و مۆزایك ؟ ( 15 نمرە ).
- پ3/ ئەو هۆکارانە چین کاردەکەنە سەر نەخشەیەکی بیناسازی تەنها بیانژمێرە؟ ودواتر باسی یەکێکییان بکە؟ ( 15 نمرە ).
- پ4/ وەك شوێنەوارناسێك جیاوازی بکە لەنێوان ئەم پاشماوە بیناسازییانەی خوارەوە، کەوێنەکانیان دانراون. لەڕووی سەردەم مێژوو وشوینی دۆزینەوەیان ؟ ( 15 نمرە ).


مافی پارێزراوە بۆ
د.کاروان صدیق بکر بلباس



( 1 )





( 2 )




( 3 )

وانەکانی:بیناسازی کۆن
د.کاروان صدیق بکر
مافی پارێزراوە




(



(5)